# کاتێک خوای گەورە بوونەوەرەکانی دروستکرد لە کتێبێکدا نووسی، ولای خۆیەتی لە سەرووی عەرشەوە: «ڕەحمەتم پێش تووڕە بوونم کەوتووە»

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «کاتێک خوای گەورە بوونەوەرەکانی دروستکرد لە کتێبێکدا نووسی، ولای خۆیەتی لە سەرووی عەرشەوە: (ڕەحمەتم پێش تووڕە بوونم کەوتووە)».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

کاتێک خوای گەورە هەموو بوونەوەرەکانی دروستکرد لە کتێبێکدا نووسی لە سەرووی عەرشەوە، (ڕەحمەت ومیهرەبانیم پێش تووڕە بوونم کەوتووە)، واتا: ڕەحمەتی خوای گەورە زۆرترە وپێشی تووڕەبوونی کەوتووە، وخوای گەورە دەفەرموێت: {وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ}[الأعراف: 156]،واتە:{وڕەحمەتی من ئەوەندە فراوانە هەموو شتێکی گرتۆتەوە}، وئەمەش هانی مسوڵمان دەدات کە بێ هیوا نەبێت لە ڕەحمەت ومیهرەبانی پەروەردگار.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4961